# میوەکانی ژنەکەم

ن: هان کانگ

**لە ئینگلیزییەوە: شنیار عومەر**




١٢ی ئایار ٢٠٢٢ چیرۆک

ئەم وەرگێڕانە پێشکەشە بە ڕۆحی شەهید ماریا

١

ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار پەڵە شـــینەکانی ســـەر لەشـــی ژنەکەمم بینی، کۆتاییی مانگی جۆزەردان بوو. ئەو ڕۆژە گوڵە ئەرخەوانەکانی تەنیشـــت کابینەی دەرگاوانەکەی سـەنتەری بەسـالاچووان، هاوشـێوەی زمانی قڵیشـاو وەریبوون، پیادەش ئەو گوڵە سـیسـە سـپییانەی دەشـێلا کە شـۆسـتەی بەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەی سەنتەرەکەی تەنی بوو.

خۆر لەوپەڕی درەوشاوەییی خۆیدا بوو.

تیشکەکەی هاوشێوەی قۆخێکی ڕەنگ تۆخ، نیشتبووە سەر ئەرزی ژووری دانیشـــتنەکە؛ گەردە لە ژمـارەنەهـاتووەکـانی تەپ و تۆز و هەلاڵەی جیـا دەکردەوە.

لەگەڵ ژنەکەمدا چاومان بە ڕۆژنامەی بەیانیانی یەکشـــەممەدا دەخشـــاند، تیشکی گەرمی خۆرەکەش دەیدا لە پشتم و فانیلە سپییەکەی بەرم.

ئەم هەفتەیەشـم، بە هەمان شـەکەتیی هەفتەکانی ئەم چەند مانگەی پێشـوو بەڕێ کرد. کۆتـاییی‌یەکـانی هەفتە تـا دەمەو نیوەڕۆ لە جێگەدا دەمـامەوە، هەمووی چەند خولەکێک دەبێت بە خەبەرم. لەسـەر لا لێی پاڵکەوتووم و بە ئیســراحەت قاچم ڕاکێشـــاوە و هێواش هێواش چاو بە ڕۆژنامەکەدا دەخشێنم.

"تو خوا سەیرێکی ئەمەم بۆ دەکەی؟ نازانم ئەم پەڵانە بۆ لاناچن."

بەبێ ئەوەی هیچ تێبگەم، قسەکانی ژنەکەمم وەک ڕایەڵی دەنگێکی بێزارکەر، کەوتە بەرگوێ. بەدەم خەیاڵەوە تەماشایەکیم کرد.

پاشـان هەسـتامەوە سـەر قن و بۆی دانیشـتم . پەنجەیەکم خسـتە سـەر ئەو دێڕەی دەمخوێندەوە، بە لەپی دەســتەکەی تریشــم چاوم هەڵگلۆفی. ژنەکەم کراســەکەی بەری تا لای ســوخمەکەی بەرز کردەوە؛ پەڵەیەکی شـینی تۆخ پشت و سکی داپۆشیبوو.

"ئەمە بە چی وات لێ هاتووە؟"

کەمەری وەرگێڕا تا ئەو پەڵە شــینە زەردباوەش ببینم لە ئاســتی تەنوورە لۆچاوییەکەیەوە بە بڕبڕەی پشــتیدا ســەرکەوتبوو، کە هەر بە قەد مســتی ساوایەک دەبوو، ڕێک دەتگوت بە مەرەکەب کوتراوە.

"ئێ؟ ئەمە بە چی وات لێ هاتووە؟" دەنگە  تووڕە و گڕەکەم ، لە شــــووقە 18 پیۆنگییەکەدا[1] دەنگی دەدایەوە.

"نازانم، وام دەزانی خۆم بە شـتێکدا کێشـاوە و هەسـتم پێ نەکردووە، گوتم چەند ڕۆژێکە و پەڵەکان لا دەچن... کەچی  وا گەورەتر دەبن."

وەک ئەوەی منالێک بێت و کەتنێکی نابێتەوە، خۆی لە نیگاکانم دەدزییەوە. کەمێک پەشیمان بووم بەو جۆرە سەرزەنشتم کرد، هەوڵم دا دەنگم کەمێک نەرمتر بکەم.

"ئازاری نییە؟"

---

[1] پیۆنگ یەکەیەکی پیوانەی کۆرییە  و بۆ پێوانی ڕووبەری زەوی و ماڵ بەکاردێت و هاوشێوەی یەکەی پێوانەیی مەتر چوارگۆشە. هەر پیۆنگێک 1 یەکسانە بە 1.33 مەتر چوارگۆشە، واتا  18 پیۆنگ یەکسانە بە 59.50 مەتر چوارگۆشە.

"نا، هیچ هیچ ئازاری نییە. ئەسڵەن لەسەر شوێن پەڵەکان هەست بە هیچ ناکەم . خۆی داخی ئەوە کوشتومی".

هەر زوو ڕووخسارە کەتناوییەکەی گۆڕا و زەردەخەنەیەکی ناسک و نامۆ کەوتە سەر لێوی. کەمێک یاری بە لێوەکانی کرد و پرسی " ئەرێ پێویست دەکات بچم بۆ نەخۆشخانە؟"

چۆن شتێکی ئیزعاج جەوت لێ تێک دەدات، ئاوا بە نیگایەکی سارد و سڕەوە سەیرێکی دەموچاوی ژنەکەمم کرد، ڕوخسارێکی تەواو نابەڵەد و نامۆ. هەستم کرد لە بەردەم کەسێکی غەریبدام، نەک ئەو ژنەی وا چوار ساڵە پێکەوە دەژین.

ژنەکەم سێ ساڵ لە من منداڵتر بوو، هەر لە هەمان ئەو ساڵەدا پێی نایە بیست و نۆهەمین ساڵی تەمەنییەوە. بەر لە هاوسەرگیرییەکەمان، کاتێک پێکەوە دەچووینە دەرەوە، خەڵک بەردەوام وایاندەزانی خوێندکاری خوێندنگەیە، چونکە دەموچاوی شەرمەزارکەرانە منداڵ دەردەکەوت. بەڵام ئێستا، نەک هەر بە خوێندکاری خوێندنگە ناچێت، بەڵکوو بە هی زانکۆش ناچێت. چونکە هیلاکییەکی زۆر بە ڕووخسار و چاوە دەرپەڕیوە پاکیزەکانییەوە دیارە و لە تەمەنی خۆی پیرتر دەردەکەوێت. کوڵمەکانی بە جۆرێ قووپا بوون دەتگوت لە قوڕدا چەقیوون، ڕەنگیان لە ڕەنگی سێوێکی نەگەیو دەچوو کە تازە ڕەنگە سوورەکەی دەردەکەوێت.

ئەو کەمەرەی کە پێشتر وەک پەتاتەیەکی شیرینی چەکەرەکردوو نەرم و جیڕ بوو، ئەو سکەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لۆچی سەرنجڕاکێشی تێدا بوو، ئێستا بەداخەوە لەڕ و لاوازن.

زۆرم لە خۆم کرد تا بیرم بکەوێتەوە کە کۆتاجار کەی بووە ژنەکەمم بە ڕووتی و لەبەر ڕووناکیدا بینیووە. ئەوە هیچ ئەو ساڵە نەبوو، بەڵام گومانم هەبوو لەوەی ساڵی بەر لەویش بینیبێتم.

چۆن دەکرێت من تێبینی پەڵەی ئاوام لەسەر لەشی ئەو تاکە کەسە نەکردبێت کە لەگەڵیدا دەژیام؟ هەوڵم دا ژمارەی چرچەکانی چواردەوری چاوی بژمێرم. دواتر پێم گوت هەموو جلەکانی دابکەنێت. لە شەرماندا ئێسقانی ئەو کوڵمانەی کە بەهۆی دابەزینی کێشییەوە دەرپۆقی بوون، سوورهەڵگەڕان. نەیدەویست جلەکانی دابکەنێت.

"ئەی ئەگەر یەکێ بینیمی؟"

بە پێچەوانەی شووقەکانی چواردەورمان کە ڕوویان یان لە باخچەکە یان پارکینگی سەیارە بوو، باڵکۆنەکەی ئێمە بەسەر شەقامی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتدا دەیڕوانی. نزیکترین شووقە لێمانەوە سێ شەقام دوور بوو، هەریەک لە ڕێگای سەرەکی و ڕووباری چونگنانیش[2] دەکەوتنە نێوانمانەوە، بۆیە مەحاڵ بوو بەبێ بوونی تەلسکۆپێکی زیرەک بتوانیت هیچ ببینیت. ئینجا جگە لەوەش ئەو سەیارانەی بە خێرایی بە ڕێگا سەرەکییەکدا ڕەت دەبوون، بەهۆی خێراییە زۆرەکەیانەوە نەیاندەتوانی سەرنجێکی کورتیش چییە بیگرنە ژووری دانیشتنەکە. هەر بۆیە تێگەشتم نارازیبوونەکەی بەهۆی شەرمکردنیەوەیەتی.

---

[2]چونگنانگ: ڕووباری چونگنانگ یەکێکە لە لقەکانی ڕووباڕی هان ڕیڤەر و دەکەوێتە سیئۆلی پایتەختی کۆریا باشوورەوە.

لە سەرەتای هاوسەرگیرییەکەماندا و لە کۆتاییەکانی هەفتەدا، ڕێک لە هەمان ئەم ژوورەدا و لە ناوەڕاستی ڕۆژدا چەند جارێک سێکسمان دەکرد. بەهۆی گەرمای تاقەتپڕوکێن و ناخۆشی گەلاوێژەوە، هەردوو دەرگا شووشەکەی بەرهەیوانەکە و پەنجەرەکانی لاتەنیشتیشمان دەکردەوە. شێتانە ئەو شتانەمان تاقی دەکردەوە کە بۆ ئێمە نوێ بوون، تا هێواش هێواش لەشمان خۆی ڕادەستی شەکەتی دەکرد.

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک، دووان، چیتر سەرجێیکردن بۆمان شتێکی نوێ نەبوو، هەر بۆیە لەسەرخۆ پەرۆشی ڕۆژانی سەرەتامان نەدەما. ئەو ڕۆژانەی درەنگ دەگەڕامە ماڵەوە بەو کلیلەی پێم بوو دەرگای چوونەژوورەوەم دەکردەوە، دەمزانی زۆر دەمێکە خەوی لێکەوتووە؛ بۆیە بە تەنها و بەبێ ئەوەی کەس پێشوازیم لێ بکات گەرماوێکم دەکرد و خۆم دەخزاندە ژووری نووستنە تاریکەکمان، هەرکە دەرگای ژوورەکەم دەکردەوە دەنگی هەناسەسواری ژنەکەم هێندەی تر تەنهای دەکردم. هەندێک جار بۆ ئەوەی تەنهاییەکەم کەم بکەمەوە هەوڵم دەدا باوەشی پێدا بکەم، بەڵام کەس نەیدەتوانی لە چاوە خەواڵووە نیوەکراوەکانی تێبگات، ئایا باوەشەکەمی پێخۆشە یان نا. تاکە کاردانەوەی ئەوە بوو کە پەنجە نەرمەکانی بە قژمدا دەهێنا هەتا لەشم لە جووڵە دەکەوت.

"هەمووی؟ دەتەوێ هەموو جلەکانم دابکەنم؟"

ڕوخساری گرژ کرد، نەیدەویست بگری. دەرپێکەی داکەند و لوولی کرد، پاشان کردی بە تۆپێک و تووکەبەری پێداپۆشی.

بەڵێ، لە کۆتاییدا و دوای ماوەیەکی زۆر لەشی ڕووتی ژنەکەمم لە بەردەم خۆری بەهاردا بینی.

هەرچەندە ڕووتوقوت بوو بەڵام هیچ نەجووڵام. بە بینینی پەڵەی سەوزی-زەردباو لەسەر قوون و پەراسوو و هەردوو لاقی ژنەکەم بەڕادەیەک کە پێستە سپییەکەی بەینی ڕانیشی داپۆشیبوو، یەکسەر دەهری بووم. بەڵام، هەر زوو تووڕەیی چنگی خۆی بەردا و دڵتەنگییەکی بێخۆ جێگەی گرتەوە. بیرم کردەوە ئەم ژنەی من هەمیشە خەیاڵی ڕۆشتووە و ئالوودەی خەوە، یەکێکیش ئەوەندە ئالوودەی خەو بێت، بۆی هەیە ئێوارەیەکی زوو بەدەم خەوەوە و بەسەر شەقامەکەدا پیاسەی کردبێت و خۆی بە سەیارەیەکدا کێشابێت، یان لەوانەیە قاچی لە پلیکانەی فریاگوزاریی باڵەخانەکەوە ئالا بێت و کەوتبێتە خوارەوە.

دیمەنی وەستانی ژنەکەم لەبەر پرشنگی ئێوارەی بەهاردا و شاردنەوەی تووکەبەری بە دەستێکی و پرسینی ئەوەی تۆ بڵێی پێویست بکات بچێت بۆ نەخۆشخانە، تا بڵێی دیمەنێکی کەساسانە، بەزەیهێنەر و خەماویی بوو، بەڕادەیەک وشە دەرەقەتی نەدەهات. خەمێک دایگرتم کە ماوەیەکی زۆر دەبوو هەستم بە خەمی لەو جۆرە نەکردبوو؛ تەنها شتێک کە توانیم بیکەم ئەوە بوو لەشە لەڕولاوازەکەی بە لەشی خۆمەوە بنووسێنم.

٢

پێم وابوو هەموو شتێک باش دەبێت. هەر بۆیە لەو ڕۆژە بەهارەدا، لەشی لاوازی ژنەکەمم لە ئامێز گرت و پێم گوت: "ئەگەر ئازاریان نەبێت، کەواتە

گومانی تێدا نییە پەڵەکان خۆیان لا دەچن. باشە تۆ پێشتر کوا قەت تووشی شتی وا بوویت، ئێستا بۆ وات لێهاتووە؟" پاشان بەدەم پێکەنینەوە تۆنە سەرزەنشتاوییەکەم نەرمتر کردەوە.

لە شەوێکی سەرەتای هاویندا، ڕەشەبای گڕاوی خۆی لە گەڵای دارچنارە بەرزەکان ئاڵاندبوو و گڵۆپی شەقامەکانیش وەک ئەوەی چاوشارکێ بکەن تاوناتاوێ هەڵدەبوون و دەکوژانەوە. ئەو شەوە من و ژنەکەم درەنگ نانی ئێوارەمان خوارد. لەسەر مێزی نانخواردنەکە بەرانبەرم دانیشتبوو، پاشان دەستی لە خواردن هەڵگرت و کەوچکەکەی لەسەر مێزەکە دانا و تەقەی هات. من ئەوکات پەڵەکانی سەر لاشەییم هەر بیر نەمابوو.

"ئەزانی، زۆر سەیرە... سەیرکە دیسان."

بۆ ئەوەی سەیری ئەو قۆڵە لەڕولاوازانە بکەم کە لە تیشێرتە قۆڵکورتەکەیەوە هاتبوونە دەرەرە، ژنەکەم گورجوگۆڵ تیشێرت و سوخمەکەی داکەند. هەرکە بینیم لەپڕا ناڵەیەکم لە دەم دەرچوو. ئەو پەڵانەی بەهاری پێشوو قەبارەیان بە قەد مستی ساوایەک دەبوو، ئێستا هێندەی گەڵای تارۆیەکی[3] زەبەلاح گەورەن و ڕەنگیشیان تۆختر بووە. چۆن لە سەرەتای هاویندا سەیری ڕەنگی سەوزی ئاڵی لقی شۆڕەبییەک دەکەیت و هەست دەکەیت لەگەڵ شینێکی تۆخدا تێکەڵ بووە، ڕەنگی پەڵەکانی ژنەکەشم هەمان ئەو ڕەنگە تۆخە تێکەڵەیان وەرگرتبوو.

[3] تارۆ: ڕووەکێکیگەڵاپانیناوچەگەرمەکانەوڕەگەکەیدەخورێت.

دەســتم برد وبە لەرزەوە شــانی شــینەوەبووی ژنەکەم مگرت، هەســتم کرد دەســت لە لەشــی کەســێکی بێگانە دەدەم. تۆ بڵێی ئەم پەڵانە چەنێک بەئازار بن؟ ئێستا کە بیری لێ دەکەمەوە، ئەو ڕۆژە دەموچاویشی دەتگوت زاخاوی شـــین کراوە، چۆن ژەنگی بەلۆعەیەکی ژەنگگرتوو ئاوەکە پیس دەکات، ئەو پەڵە شینانەش ئاوا بە هەموو شوێنێکی لەشیدا بڵاو بووبوونەوە.

قژە نەرم و بریقەدارەکەی پێشـووی وەک گەڵای وشـکی تور زبر بووبوون. سـپێنەی چاوی ڕەنگی شـینێکی کاڵی وەرگرتبوو، دەتگوت لەگەڵ مەرەکەبی بیلبیلە ڕەشـــەکانی تێکەڵ بووە. چاوە قەتیســـبووەکانی لە فرمێســـک، دەدرەوشانەوە.

ژنەکەم ڕاوەســـتاو و بە ڕوخســـارێکی بەریئەوە - کە بە درێژاییی ئەو ســـاڵانەی تووشـــی ئەم بەزمە بووبوو، ئاوها نەمدیبوو- گوتی: "من چیم بەســـەرهاتووە؟ بۆ ئاوام لێ هاتووە؟ بەردەوام حەز دەکەم بچمە دەرەوە، کاتێکیش دەچمە دەرەوە و تیشـــکی خۆر لێم دەدات، ڕێک پڕ بەدڵ حەز دەکەم هەموو جلەکانم دابکەنم. دەڵیی جەستەم خۆی داوای ئەو شتە ئەکات. پێرێ بە ڕووتی چوومە سەر باڵکۆنەکە و لای جلشۆرەکەدا وەستام. نازانم کەس بینیمی یان نا، ڕاســـتییەکەشـــی بەلامەوە گرنگ نەبوو کەس بمبینێ، دەتگوت شێت بووم!"

بە بێدەنگی دانیشتبووم و تەماشای بەشی سەرەوەی لەشە لەڕولارەکەیم دەکرد کاتێک بەرەوپیریم دەهات، بە دڕدۆنگییەوە یاریم بەو دوو چیلەکەیە دەکرد کە بە دەســـتمەوە بوون بۆ خواردن. پاشـــان درێژەی پێدا و گوتی: "ئارەزووی خواردنیشـــم نەماوە، تەنانەت ناتوانم لە ڕۆژێکدا نیو قاپ برنج

تەواو بکەم، لە جاران زیاتر ئاو دەخۆمەوە. هەست دەکەم لەبەر ئەوەی نان ناخۆم، ترشـــەڵۆکی گەدەم دەرنـادرێت. ئەگەر زۆریش لە خۆم بکەم بۆ خواردن، ئەوا باش هەرسی ناکەم و دووبارە هەڵیدەهێنمەوە." وەک بێچووە سـەگێک کە لە زنجیرەکەی کرابێتەوە، کەوتە سـەر ئەژنۆ و سـەری خستە سەر ڕانم. بە دڵنیاییەوە ئەوە ئەو نییە بگری؟

کەچی دڵۆپێکی گەرم و تەڕ کەوتە سەر بەشی خوارەوەی بیجامەکەم.

"دەزانی چۆن هەستێکە کاتێک لە ڕۆژێکدا زیاد لە چەند جارێک بڕشێیتەوە؟ وەکوو وابێ نەخۆشـی ڕێباریت هەبێ، تەنانەت ئەگەر بە ڕێگاشـەوە نەبێت؛ مەحـاڵە بتوانیت ڕێک و ڕەپ بە پێوە بووەســـتیت، دەبێت بە قەمبوری بسـووڕێیتەوە. ژانەسـەرەکەشـی لەو لاوە بووەستێت، دەڵێی چاوی ڕاستت کون کراوە. شـــانت وەک تەختە ڕەق دەبێت، لەســـەر شـــۆســـتە و لەبن درەختەکانی سەری جادەدا، ترشی زەردباوی گەدەت دەردەدەیتەوە..."

گوێمـان لە گیزەگیزی مێشـــوولەیەک بوو، بە دەوری ڕووونـاکی گڵۆپە شیرییەکدا دەسووڕایەوە. لەژێر هەمان ئەو ڕووناکییە بەهێزەدا، ژنەکەم کە پەڵەکەی سـەرشانی بە قەد گەڵای درەختێکی کاتالپادا[4] دەبوو، توانی نوزەی لەبەر ببڕێت و بیکوژێت.

"بڕۆ بۆ نەخۆشخانە" چاوم بڕییە ڕوخساری ژنەکەمم و پێم گوت "بەیانی، یەکسەر بۆ بەشی پزیشکی هەناو بڕۆ."

[4]کاتالْپا: ڕەگزێکە لە ڕەگەزەکانی درەختی گوڵی و سەر بە خێزانی بیگۆنیانە و لە ناوچەی گەرمدا دەڕوویت.

ڕوخساری  چەور و پەڵاویی بووبوو. پەنجە پانەکانم هێنا بە ناو قژە زبر و بژەکەیدا و بە ڕیچەوە زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و پێم گوت: "ئاگات لە خۆت بێت چۆن دەڕۆیت، با دووبارە وات لێ نەیەتەوە. خۆ منداڵ نیت، خۆت بکێشی بەم شتەکە و بەو شتەکەدا."

بەدەم هەنسک کێشانەوە کەوتە زەردەخەنە، ئەو دڵۆپە فرمێسکەی لەسەر قەراغی لێوی لەنگەری گرتبوو، خلۆر بووەوە و کەوتە خوارەوە.

٣

ڕەنگە بپرسن ئایا ژنەکەم کەسێکی گرینۆکە؟ نەخێر، هەرگیز. بیرمە کە یەکەم جار لە بەردەممدا گریا تەمەنی بیست و شەش ساڵ بوو.

وەک هەر کچێکی گەنجی تر دەتتوانی زۆر بەئاسانی بیخەیتە پێکەنین، قاقای پێکەنینەکەی تۆنێکی ناسک و هێمنییەکی کاملانەی تێدا بوو کە لەگەڵ ڕوخسارە منداڵکارەکەیدا یەک نەدەهاتەوە. هێشتا بیرمە ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار گوێم  لە لەرینەوەی ئەو دەنگە بوو، ئەو کاتە بوو کە  پێی گوتم: "ڕقم لە ژیانە لەنێو باڵەخانە بەرزەکانی سنۆگی دۆنگدا."

"هەستەکەم لەم شوێنەدا وشک دەبمەوە و دەمرم. حەوت سەد هەزار کەس ترنجاونەتە یەکتری. ڕقم لە  بینای چوونیەک، مەتبەخی چوونیەک، سەقفی چوونیەک، توالێتی چوونیەک، بانیۆ، باڵکۆن و باڵابەرە چوونیەکەکانیانە، ڕقم لە  پارک، دووکان، پەرگەی پیادە و تەواوی شوێنەکانی تریشە... ڕقم لە هەموو شتێکیانە."

چۆن منداڵێکی لاســـــار هێور دەکەیتەوە، ئاوا وەڵامم دایەوە و گوتم "ئەم قســـانەت لە کوێوە هێنا، همم؟" ئەوەندەی ســــەرنجم لەســــەر دەنگی نەرمی ژنەکەم بوو هێندە ئاگام لەوە نەبوو کە بەڕاسـتی چیی دەڵێت و باسـی چی دەکات. "خراپی ئەوە لە چی دایە، خەڵکێکی زۆر لە نزیک یەکترییەوە بژین؟".

کەمێک ڕووی خۆمم گرژ کرد و ســـــەیرێکی چاوە گەش و بریقەدارەکانیم کرد.

"من هەمیشـــــە وا ڕاهاتبووم لە جەرگەی شــــار و ڕابواردندا ژوور بەکرێ بگرم. هەرجـارێـک مـاڵم بگواســــتـایەتەوە ئەوا تەنهـا بۆ ئەو شـــوێنـانە دەمگواســـــتەوە کە جمەی دەهـات لە خەڵـک، شـــوێنێـک دەنگی موزیـک شــــەقامەکانی تەنی بێت و جادەکانی بە ســــەیارە قەپات بووبێت و دەنگی هۆڕینیـان بگـاتە ئاســــمـان. لە ژینگەیەکی وادا نەبووایە نەمدەتوانی بژیم. چونکە نەمدەتوانی بەرگەی تەنهایی بگرم." هەرچەندە بە پشتی دەستی ئەو دڵۆپە فرمێســــکانەی دەســــڕی کە دەکەوتنە ســــەر گۆنای، بەڵام گریانی نەدەگرسـایەوە. "ئیتر تووشـی هەزار دەرد و نەخۆشـیی درێژخایەن دەبم و دەمرم. ناتوانم لە قاتی سیانزەوە بێمە خوارەوە، ئیتر ناتوانم بچمە دەرەوە."

"ئەم هەموو بێنە و بەردەیە چییە؟" بەجدی ناخۆشت کرد.

لە ساڵی یەکەمی مانەوەمان لەم شووقە بەرزەدا، ژنەکەم زوو زوو نەخۆش دەکەوت. ئاخر ئەو بە ژینگەی ســـــروشـــــتی ناوچە بەرزەکانی ســـیئۆل ڕاهاتبوو، جەســـتەی نەیدەتوانی خۆی لەگەڵ سـیسـتەمی گەرمی ناوەندی و نەگۆڕی شـووقەدا بگونجێنێت. زوو زوو پەسـتانی خوێنی دادەبەزی، ڕۆژانە

تەنها یەکجار بەســــەر ئەو لێژاییيەدا ســــەر دەکەوت کە دەیگەیاندە ئەو چاپخانە بچووکەی بە مووچەیەکی کەم کاری تێیدا دەکرد.

هەرچەنـدە دواتر وازی لە کـارەکەی هێنـا، بەڵام هۆکـاری وازهێنـانەکەی هاوسەرگیرییەکەمان نەبوو. لە ڕاستیدا وازهێنانەکەی ڕاستەوخۆ دوای ئەوە بـوو کە مـن بـۆچـوونـی خـۆمـم بە شــــێـوەیەکـی زۆر کـۆنـکـرێـتـی لەســــەرهاوســــەرگیری دەربڕی. ژنەکەم پلانی ئەوەی هەبوو، هەموو ئەو پارانەی لە مووچەی مانگانە، هەژماری خانەنشــینی و ئەوەشـــی کە بەهۆی کاری زیادەوە لە کۆتاییی هەفتەدا دەســــتی کەتبوو و کۆی کردبوونەوە، بەکار بهێنێت تا وڵات بەجێ بهێڵێت.

ئێوارەی ئەو ڕۆژەی کە نامەی دەســــتلەکارکێشــــانەوەکەی ڕادەســــتی ســــەرپەرشــــتیارەکەی کرد، گوتی "دەمەوێت بڕۆم و هەندێ خوێنی تازە بۆ دەمارەکانی لەشم بدۆزمەوە." دەیگوت، دەیەوێت ئەو خوێنە پیسەی کە وەک دوومەڵ لەنێو دەمـارەکـانیدا مەییوە دەربهێنێت و ســــییە مـاندووەکـانی بە هەوای تـازە بشــــواتەوە. هەر لە منداڵییەوە ژیان و مردنێکی ئازادانە تـاکە خەونی ئەو بووە؛ هۆکاری ئەوەی کە تا ئێســــتا خۆی گرتووە لەبەر ئەوە بووە کە هێشــــتا کاتەکەی گونجاو نەبووە، بەڵام پێی وایە ئێســــتا بەشـــی ئەوەنـدە پـارەی کۆ کردووەتەوە تـا خەونەکەی پێ بەدی بهێنێـت. پلانی ئەوەی هەبوو کە یەکەم جار وڵاتێک هەڵبژێرێت و شــــەش مانگێک یان پتر لەوێ بمێنێتەوە و پاشـان بۆ شـوێنێکی تر بگوازێتەوە، دواتر شـوێن لەسـەر شــــوێن بگۆڕێت. زەردەخەنەیەکی تەمەڵانەی کرد و گوتی "دەمەوێت پێش ئەوەی بمرم بڕۆم. دەمەوێت بۆ ئەوپەڕی دونیا بڕۆم و تـا ڕادەی مەحـاڵ دوور بکەومەوە."

بەڵام لە بری ئەوەی ئەو  پارەیەی کۆی کردبووەوە لە ڕۆشتندا بۆ ئەوپەڕی دونیا بەکاری بهێنێت، هەمووی خســـتە نێو پێشـــەکیی ئەم شـــووقەیە و تێچووی ئاهەنگی هاوسـەرگیرییەکەمان. لە هەمووی سـەیرتر ئەوەیە هەموو ئەم شـــتانەی لە یەک دێڕی کورتدا ڕوون دەکردەوە و دەیگوت، ئەو بۆیە وای کردووە "چونکە نـاتوانێـت لە من جودا ببێتەوە." تۆ بڵێی ئەم خەونی ئازادییەی چەنێک بەلاوە گرنگ بووبێت؟ بەو پێیەی کە زۆر بەئاســـانی دەستی لێهەڵگرتووە، دەبێت خەونێکی زۆر پڕوپووچ بووبێت.

پێم وایە مەسـەلەکە هەمووی جگە لە وەهمێکی ناواقیعی و ڕۆمانسـیی زیاتر هیچی تر نەبووە، چونکە ئەو پلانانەی ئەو دایـنـابوو ڕێک لە پلانی منداڵێک دەچوو کە بۆ چوونە ســــەرمانگ دایڕشـــتبێت. بە دڵنیاییەوە دیارە، خۆی درکی بە هەموو ئەم شـتانە کردووە بۆیە دەسـتبەرداری بووە. ڕاسـتییەکەی منیش هەســـتم بە شـــانازییەکی زۆر دەکرد کە بوومەتە هۆکاری ئەوەی ژنەکەم  درک بەم ڕاستاندنە درەنگوەختە بکات.

کاتێک ژنەکەمم بینی ڕوومەتی  بە دەرگا شـــووشـــەکەی باڵکۆنەکەوە نووسـاندبوو، شـانە باریکەکانی هاوشـێوەی گەڵای سـیسـی کاهو بەملاولایدا داچۆڕابوون و تەماشـای خێراییی ئەو سـەیارانەی دەکرد کە بە شـەقامەکەدا ڕەت دەبوون، خەریـک بوو دڵم بوەســـتێـت. بەڵام دەمزانی شـــێوازی وەســـتانەکەی پەیوەندی بەو ئێش و ئازارە بەردەوامەوە هەبوو کە هەیبوو. نوزەی لەبەر بڕابوو، دەنگی نزمی هەنـاســـەی تـاکە هۆکـار بوو وای لێ دەکردی هەست بکەی زیندووە. دەتگوت دوو باسکی نادیار لە شانی ئالاوە و بە زنجیرێکی نادیاریش تۆپێکی ئاسـنی گەورەی لێ بەسـتراوە تا نەهێڵێت تاکە یەک ماسوولکەش چییە بجووڵێنێت.

هەمیشـــــە لە نیوەی شـــــەودا و کـاتژمێرەکـانی بەرەبەیـانـدا، گرمەگرمی کارپێکردنی مەکینەی تاکســـی و ماتۆڕ لە شـــەقامە چۆڵەکانی بەرەبەیاندا، ژنەکەمی خەبەر دەکردەوە و بە بێزارییەوە دەیگوت: "ئەڵێی جـادەکـان پەلەتریانە لە سـەیارەکان، توخوا سـەر جادە و ئەم شـووقەیە فەرقی چییە." هەرچەندە لەگەڵ دوورکەوتنەوەیان دەنگی مەکینەکان کەمتر دەبوونەوە و ئەویش دووبارە خەوی لێ دەکەوتەوە، کەچی ڕووخســـارە شـــیرینەکەی ڕەنگی مردووی لێ دەنیشت.

شـەوێک لەو شـەوانە، وەک ئەوەی خەون ببینێت بەدەم وڕێنەکردنەوە و بە دەنگی نووساوەوە دەیگوت؛ "ئەو هەموو شتە، لە کوێوە هات...بەرەو کوێ ڕا دەکەن؟"

٤

ئێوارەی دواتر، هەرکە دەرگـای پێشـــەوەم کردەوە و پێم نـایە ژوورەوە، ســـەیر دەکەم ژنەکەم بە پێی پەتی لەودیو دەرگـاکە وەســـتـاوە تـا بەخێرهـاتنەوەم بکات؛ بە خۆمم گوت بە دڵنیاییەوە لە دالانەکەوە گوێی لە تەپەی پێم بووە. نینکۆکە درێژەکـانی قـاچی کە دەبوو ڕێکی بکردنـایە و نەیکردبوو، سپی دەکردەوە.

" چییان پێ گوتی لە نەخۆشخانە؟"

بەبێ ئەوەی وەڵامم بداتەوە، بە بێدەنگی تەماشای دەکردم کاتێک پێڵاوەکانم دادەکەند، پاشان ڕووی وەرگێڕا و ئەو تاڵە بژانەی قژی کە کەوتبوونە سەر گۆنای و بێزاری کردبوو، خستە پشت گوێیەوە.

بە خۆمم گوت، ئەو ڕوخسـارە دەناسـمەوە. هێشـتاش لە بیرمە کە چۆن و کەی بۆ یەکەم جار بە یەکترییان ناساندین، دوای ئەوەی سـەرپەرشـتیاری کارەکەم کە لەو بەینەدا ڕۆڵی نێوەندی دەگێڕا بەتەنها بەجێی هێشـتین، بێدەنگییەکی ئارام باڵی کێشـا بە سـەرماندا و منیش پەرێشـانانە تەماشـای ڕوخساری پڕ لە نهێنی و ئاڵۆزی هاوسەری ئایندەم دەکرد. لە ڕوخسارییدا وا پێدەچوو خەیاڵی لە شـوێنێکی زۆر دوور و نادیار بێت. ئەو ڕوخسـارەی کە لە نیگای یەکەمدا خوێن سـارد و بێتام دەردەکەوت، بەڵام من توانیم ناخافڵی بۆ تەنهایی تێیدا بخوێنمەوە؛ لە ڕواڵەتدا کەسـێکی تەواو جیاواز دەردەکەوت، هەر ئەمەش ئەو باوەڕەی لا دروسـت کردم کە ئەم کەسـە لە من تێدەگات. دواتر هەمان بڕوا و ئەو مەشـروبەشـی خواردبوومەوە، وایان لێ کردم  دان بە هەموو شـتێکدا بنێم و بە درێژاییی هەموو ژیانم تەنها بم. ئەو ژنە بیسـت و شـەش سـاڵەی کە دەبووە هاوسـەری ئایندەم، بەرەو ئاسـۆییەکی دوور ڕووی وەرگێڕا و هەمان ئەو ڕوخسـارە سـارد و خەماوییەی نیشان دام کە کەمێک لەمەوبەر بینیم.

"خۆ چوویت بۆ نەخۆشـخانە، وانییە؟" کەمێ سـەری لەقاند. تۆ بڵێی لەبەر ئەوە ڕۆشـتبێ تا نەخۆشـییەکەی بشـارێتەوە یان لە من تووڕەیە و شـتێکم کردووە؟

"دە دەی، تکایە، قسەم بۆ بکە. دکتۆر چی پێ گوتی؟"

گوتی "هیچ نییە." وەڵامەکەی زیاتر لە هەناسەدانەوە دەچوو وەک لە دێڕێکی تەواو. دەنگی ترسناکانە نزم بوو.

لەو بینینەی یەکەم جارماندا، ئەو شتەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام تێیدا، دەنگی بوو. هەرچەندە بەراوردێکی بێمانایە، بەڵام دەنگی دەیخستمە بیری مێزێکی شووشەی بریقەداری چا؛ یەکێک لەو کەلوپەلە قەشەنگانەی نێوماڵ کە بۆ میوانێکی زۆر گرنگ نەبێت دڵت نایەت دەریبهێنیت، ئەگەریش دەریبهێنیت ئەوا باشترین جۆری چا لە جوانترین جۆری کوپدا نەبێت لەسەری دانانێیت.

ئەو شەوە، ئەو دانپێدانانەی من لە دەمم دەرچوو بە هیچ جۆرێک ژنەکەمی وەڕەس نەکرد، بەڵکوو، بەو ئاوازەی هەمیشە لە تۆنی دەنگییەوە دەهات وەڵامێکی زۆر ڕیالیستانەی دامەوە. گوتی: "منیش، نامەوێت هەموو ژیانم لە یەک شوێندا بەسەر بەرم."

دوای ئەوە، باسی گوڵم بۆ کرد. پێم گوت خەونم دیوە و لە خەونمدا، باڵکۆنەکەمان بە ئینجانەی گەورەی گوڵە کاهوی سەوز و ڕێحانە تەنرابوو. لە هاویندا، گوڵی بچووک بچووک لە شێوەی کڵۆ بەفر لەسەر گوڵە ڕێحانەکان خونچەیان دەکرد و لە مەتبەخەکەشدا پاقلەم ڕواندبوو. ژنەکەم کە لەوکاتەوە بە گومانەوە چاوی تێ بڕیبووم، وەک ئەوەی بڵێت، ئەم بابەتی گوڵ و شتە زۆر لە منەوە دوورە، زەردەخەنەیەکی کرد. هەوڵم دا ئەو زەردەخەنە جوانە ڕوخساری جێنەهێڵێت، هەر بۆیە دووبارە گوتم "من بە درێژاییی هەموو ژیانم، تەنها بووم."

دوای ئەوەی هاوسەرگیریمان کرد، وەک چۆن ڕێکەوتبووین، ژمارەیەک ئینجانەی گوڵم بۆ سەر باڵکۆنەکە کڕی، بەڵام کەسمان نەمانتوانی

خۆشەویستی خۆمان بۆ گوڵەکان بسەلمێنین. هۆکارەکەی هەرچییەک بووبێت، تەنانەت ئەو گوڵانەشی کە لە بنەچەدا بەهێز و پتەو بوون و جگە لە چەندجارێکی کەم ئاودان هیچ خزمەتێکی تری نەدەویست، هەر زوو بەبێ ئەوەی یەک تاکە تۆویشمان بدەنێ وشک دەبوونەوە و دەمردن.

هەریەکە و قسەیەکی دەکرد، یەکێ دەیگوت لەبەر ئەوەیە شووقەکەتان زۆر بەرزە و لە وزەی زەوییە دوورە؛ یەکێکی تر دەیگوت هەموو ڕووەک و درەختەکانمان بۆیە مردوون چونکە ئاو و هەواکەیان خراپ بووە. تەنانەت پێیان دەگوتین کە ئیمانمان بەشی پێویست پتەو نییە تا بتوانین زیندەوەرێکی پێ بەخێو بکەین، بەڵام هیچ ڕاستییەک لەو قسەیەدا نەبوو. ئەو مامەڵە دڵسۆزانەی کە ژنەکەم لە خۆتەرخانکردنیدا بۆ خزمەتی گوڵەکان پێشکەشی دەکرد لە سنووری هەموو چاوەڕوانییەک بەدەر بوو. وشکبوونەوەی گوڵە کاهویەک و ڕێحانەیەک بەس بوو بۆ ئەوەی نیوەی ڕۆژەکەی نووقمی نائومێدی و بێتاقەتی ببێت، ئەمە خۆ ئەگەر بهاتەیە و گوڵێک تۆزێ درەنگتر وشکی بکردایە، ئەوا بەردەوام بە دەوریدا دەسووڕایەوە و بە دەنگێکی ناسک ئاوازی بۆ دەچڕی.

نازانم هۆکارەکەی چی بوو، بەڵام ئێستا جگە لە خۆڵی وشک، هیچ شتێک لەو ئینجانە لاکێشەییانەی نێو باڵکۆنەکدا بوونی نییە. سەرم سووڕمابوو، ئەو هەموو ڕووەکە مردووە چییان لێهات؟ ئەی چی دەربارەی ئەو ڕۆژە باراناوییانەی کە ئینجانەکانم دەخستە سەر قەراغی پەنجەرەکان تا تێر ئاوی باران بخۆنەوە، ئەو ڕۆژانە چییان بەسەرهات؟

بە پێچەوانەی گوڵەکانەوە کە ئەگەر کەمێکیش بووبێت بەهۆی بارانی بەخوڕ خۆیـان و گەڵاکانیـان دەبووژانەوە، بەڵام وا پێدەچوو ژنەکەم لە دۆخێکی قووڵی دڵتەنگیدا بەرەو وشـکبوونەوە بچێت. سـەیرێکی منی کرد و گوتی "با پێکەوە بڕۆین بۆ شـــوێنێکی دوور، مەحـاڵە بتوانین لە شـــوێنێکی ئـاوا خنکێنەردا بژین." بە دەســـتە لاوازەکانی گەڵای کاهووەکەی داپۆشـــی تا نەیەڵێت باران لێی بدات، دواتریش بەرەو بەشـــی ســـەرەوەی باڵکۆنەکە ڕایکێشـــا و گوتی: "ئەم بارانە پیســـە." چاوەکانی بەدوای ڕەزامەندی مندا دەگەڕا، "ئەڵێی چڵمی ڕەشـــە." تفێکی کرد و بەردەوام بوو، "ئەمە بەس پێی دەوترێ ژیان، ئەگینا کوێی لە ژیان دەچێ؟" قسەکانی وەک قسەی کەسێکی ســـەرمەســـت کە دەنگی پڕە لە نەیاری بەردەوام بوو، "ئەم وڵاتە لەناوەوە گەنیووە! مەحاڵە هیچ شـــتێک لێرە گەشـــە بکات، نابینیت؟ نابینیت.... لەم شوێنە خنکێنەرە و لەنێو ئەم ژاوەژاوەدا چۆن گیرمان خواردووە؟!"

ئیتر نەمدەتوانی لەوە زیاتر بەرگەی بۆڵەبۆڵەکانی بگرم.

نەمدەتوانی بەرگەی ئەو هەموو توانجە زبر و ڕەقانە بگرم، چونکە کوێرانە ئەو خۆشـبەختییە ناجێگیرە نوێیەی کە دروسـتم کردبوو وردوخاش دەکرد؛ توانجەکانی ئەوەندە ناخۆش بوون دەتگوت ئەو وشـــانە بەس بۆ ئەوەیە خوێنی کۆسـپێکی کۆنی کەپتکراو لە لەشـە نەخۆشـەکەیەوە بڕژێنێت. "ئادەی پێم بڵێ، چ شـتێک خنکێنەرە؟" ئەو ئاو و بارانەی لە مشـتی دەسـتمدا کۆم کردبووەوە کرد بە سەروگوێلاکیدا، "چی خنکێنەرە؟ ئادەی کامە ژاوەژاو؟"

ژنەکەم نوزەیەکی هێواشـی کرد و بە ترسـەوە دەموچاوی سـڕی. بارانەکە گەشتە ئەمدیو شووشـەی باڵکۆنەکە و دەموچاوی منیش تەڕ بوو. ئەوەندەم

نەزانی ئینجـانەی ســـەر قەراغی پەنجەرەکە کەوتە خوارەوە و لەبـارە تیژەکەیدا چەقی بە قاچی ژنەکەمدا و پاشـــان دای بە ئەرزەکەدا. ســـواڵەتی رەق و تۆپەڵە قوڕ کەوتە سەر جلەکانی ژنەکەم و پێ پەتییەکانی. دانەوییەوە و بە هەر دوو دەستی قاچە بریندارەکەی گووشی و لێوی خوارەوەی خۆی گەست.

گەســـتنی لێوی خوویەکی لەمێژینەی ژنەکەم بوو؛ تەنـانەت پێش ئەوەی هـاوســـەرگیریش بکەین، هەرکـاتێـک تووڕە بوومـایە یـان دەنگم بەرز کردایەتەوە هەمان خووی دووبارە دەکردەوە. پێدەچوو گەســـتنی لێوی لە ڕێکخستنی بیرکردنەوەکانیدا یارمەتی بدات، چونکە دوای کەمێک بیرکردنەوە دەســـتی دەکرد بە وەڵامدانەوەی ئەو شـــتەی کە من دەمگوت یان دەمکرد و لەســـەرخۆ و بە شـــێوەیەکی لۆجیکییانە خاڵەکانی ڕوون دەکردەوە. بەڵام دوای ئەو ڕووداوەی ســـەر باڵکۆنەکە، تاکە کاردانەوەیەک کە لە ژنەکەمم بینی گەســـتنی لێوی بوو. لە دوای ئەو ڕۆژەوە هەرگیز جـارێکی تر مشتومڕمان نەکردەوە.

"یانی دکتۆر گوتی، هیچ کێشـــەیەکت نییە؟!" چاکەتی قاتەکەمم داکەند، بەڵام ژنەکەم لێی وەرنەگرتم. هەستم بە یەک پارچە ماندوویێتی و تەنهایی کرد.

هێشـــتا ڕووی لەودیو بوو، کاتێ دووبارە گوتییەوە: "دەڵێت ناتوانێت هیچ کێشەیەک لە لەشمدا بدۆزێتەوە."

ژنەکەم، ئەو تۆزە قسەیەشی جاران دەیکرد، وردە وردە ئەویشی نەما. هەتا یەکێ قسـەی لەگەڵ نەکردایە، هیچی نەدەگوت؛ ئەو کاتانەشـی کە وەڵامی شـتێکی دەدایەوە یا سـەرێکی دەلقاند یان بایدەدا. هەندێک جار بۆ ئەوەی وەڵامم بداتەوە دەمقیڕاند، کەچی زۆر بێباکانەوە ڕووی دەکردە شـوێنێکی نادیار و هەر وەڵامیشـی نەدەدامەوە. دۆخی ئاڵۆز و خراپی لەشـی ژنەکەم بە جۆرێک تەشەنەی سەندبوو، کە ئێستا زۆر بەئاسانی لەژێر تیشکی کزی گڵۆپێکی شیرییدا درکی پێ دەکرا.

مادەم دکتۆر پێی گوتووە هیچ کێشـەیەکی نییە و هەموو شـتێک باشـە، کەواتە بە دڵنیاییەوە، ژنەکەم بەدەست نەخۆشییەکی جەستەیی وەک گەدە یان ڕیخۆڵەوە نەیدەناڵاند بەڵکوو خەمخواردنی بۆ شتێک تووشی ئەو دۆخە دەروونییەی کردبوو. بەڵام بۆ خاتری ئاسـمان دەبێت خەمی چی شـتێکی بووبێت؟

سێ ساڵی ڕابردووی ژیانم، خۆشترین و ئاسوودەترین ساڵەکانی تەمەنم بوون. کارەکەم زۆر زەحمەت نەبوو، لەولاشـەوە بەبەخت بووم، چونکە خـاوەن مـاڵ داوای زیـادکردنی کرێی شـووقەی نەدەکرد. سـولفەی شووقەکەش خەریک بوو تەواو دەبوو، ئەمە جگە لەوەی ڕاستە ژنەکەم زۆر سەرنجڕاکێش نەبوو، بەڵام هەموو ئەو شتانەی تێدابوو کە من دەمخواست لە هاوژینێکدا هەبێت.

خۆشــبەختیم، هاوشــێوەی ئاوی گەرمی نێو بانیۆیەکی قووڵ، بەهێواشــی لەملاولای بانیۆکەوە شەپۆلی دەدا و جەستەی ماندوومی لەباوەش دەگرت. تۆ بڵێی کێشـەی ژنەکەم چی بووبێت؟ نەمدەتوانی لەو شـتە تێبگەم کە چۆن دەکرێ مرۆڤ هێندە پەرۆشـــی شـــتێک بێت و بەو جۆرە کار بکاتە ســـەر دۆخی دەروونی و نەخۆشـــی بخات. هەرجارێ ئەو پرســـیارەم لە خۆم بکردایە، کە ئایا ئەم ژنەی من مافی ئەوەی هەیە ئاوا من تووشـــی تەنیایی بکات، ڕقێکی بێئەندازە دایدەگرتم و وەک چینێک تەپ و تۆزی نیشـــتوو لە خۆمی جیا دەکردمەوە.

ڕۆژی یەکشەممەی دوای ئەوە و ڕۆژێک بەر لە سەفەرە یەک هەفتەییەکەی من بۆ دەرەوەی وڵات بە مەبەسـتی کار، دەمەوبەیانییەکەی سـەرم هەڵبڕی و ســـەیرم کرد ژنەکەم لەســـەر باڵکۆنەکە جل هەڵدەخات. ئێســـتا ئیتر پەڵە شینەکانی سەر لەشی بەشی زۆری قۆڵی داپۆشیبوو، بە جۆرێک لەنێو ئەو هەموو شـیناییەدا، پێسـتە سـپییەکەی خۆی بووبووە پەڵەی سـپی بچووک بچووک. ئاهێکم هەڵکێشا.

بە سەبەتە بەتاڵەکەی دەستییەوە هاتە ژوورەوە بۆ نێو ژووری دانیشتنەکە، بەردەمیم گرت و پێم گوت جلەکـانی دابکەنێت. ڕازی نەبوو دایـانبکەنێـت، بۆیە خۆم تیشـێرتەکەی بەریم داکەند. شـانێکی بەتەواوی بۆ شـێنێکی تۆخ و تاریک گۆڕابوو.

هەنگاوێک چوومە دواوە و تەماشـــایەکی تری لاشـــەییم کرد. توکی بنباڵی هەمووی ڕووتابوەوە، گۆی مەمکی کە پێشـــتر نەرم و توند بوو، ئێســـتا شینایی لێوە دەهاتە دەرێ.

"ئەمە وانابێت. ئێستا تەلەفون بۆ دایکت دەکەم."

هاواری کرد و گوتی "نا، نا توخوا مەیکە، خۆم دەیکەم." وشـــەکانی بە جۆری گۆ کرد، دەتگوت زمانی خۆی دەجوێت.

" بچۆ بۆ نەخۆشـخانە ، تێدەگەی؟ بچۆ بۆ لای دکتۆرێکی پێسـت. نا، بڕۆ بۆ نەخۆشـخانەی گشـتی." بەکاوەخۆ سـەرێکی بۆ لەقاندم. "خۆت دەزانی کاتم نییە لەگەڵتدا بێم. لەشـــی خۆت باش دەناســـی، بۆیە دەبێت ئاگاداری بیت، باش؟"، دووبارە بە بێدەنگی سـەری لەقاندەوە. "گوێم لێبگرە. زوو پەیوەندی بە دایکتەوە بکە." بەردەوام بوو لە ســـەرلەقاندن و گەســـتنی لێوی. تۆ بڵێی ســـەرلەقاندنەکەی ئاماژە بێت بۆ ئەوەی گوێم لێ دەگرێت؟ بە دڵنیاییەوە قســـەکـانم لەم گوێ چوونەتە ژوور و لەوی تر هـاتوونەتە دەر؛ چونکە دەمزانی هەر لە ژووری دانیشـتنەکە وەک بسـکیوتێکی هەرزان لە کۆشـی دەکەوێتە خوارەوە و ورد و خاش دەبێت.

٦

لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا زەنگی بالابەرەکە لێی دا. بە جانتا قورســەکەی دەســـتمەوە بەنێو دالانەکـدا ڕەت بووم و گەشـــتمە بەردەم دەرگـای شووقەکەمان، لە جەرەسەکەم دا. هیچ وەڵامێک نەبوو.

گوێم نا بە ئاسنی ساردی دەرگاکەوە تا بزانم جەڕەسەکەمان ئیش دەکات، دووبارە لێم دایەوە، کردم بە دوو جار، سێ جار، چوار جار؛ هەرچەندە بەهۆی ئەستووری دەرگاکەوە وا دەردەکەوت دەنگەکە لە شوێنێکی زۆر دوورەوە بێت، بەڵام گوێم لێ بوو ئیشی دەکرد. جانتاکەم پاڵدا بە دەرگاکەوە و تەماشایەکی کاتژمێرەکەم کرد. کاتژمیر هەشتی ئێوارە بوو. ڕاستە، ژنەکەم خەوی زۆر قورسە، بەڵام ئێستا کوا کاتی خەوە! زۆر زووە.

زۆر شەکەت بووم و هیچیشم نەخواردبوو. بەس ئەم جارە ویستم کلیلەکەی گیرفانم دەرنەهێنم، ئەوەتا نایکاتەوە.

بە خۆمم گوت پێدەچێ تەلەفونی بۆ دایکی کردبێت و پێکەوە چووبن بۆ نەخۆشخانە، یاخود چووە بۆ ماڵی خزمەکانی لە دەرەوەی شار. کەچی کە چوومە ژوورەوە، سەیر دەکەم نەعل و کالە و پێڵاوە کەشخەکانی لەو ناوەدا کەوتوون. بۆیە زانیم لە ماڵە. پێڵاوەکانم داکەند و جووتێ نەعلم کردە پێم. نائاگاییانە، دەستکاری پلەی گەرمی شووقەکەم کرد. تۆزێک ڕۆشتم و بۆنێکی زۆر قێزەون هات. سەلاجەکەم کردەوە و سەیریم کرد، ژەمێ کولەکە و خەیاری سیس و چرچ، کەڕوو لێی دابوون و بۆگەنیان کردبوو.

نزیکەی نیو قاپ برنج لە مەنجەڵی برنجەکەدا مابوەوە، دیار بوو دەمێکە لەوێدایە، چونکە وشک بووبووەوە و بووبوو بە بنکڕ. سەرەکەیم لادا و بۆنی برنجی کۆن وهەڵمی مەنجەڵەکە چوو بە سەروچاومدا. یەک دەرزەن قاپ و قاچاغی پیسیش لەناو سنگەکەدا کەوتبوو؛ بۆگەنی ئەو تەشتە جلە پلاستیەکە سابووناوەی کە لەسەر جلشۆرکە دانرابوو، ڕۆژەڕەییێک دەڕۆی.

بانگی ژنەکەمم کرد، هیچ وەڵامی نەبوو. ژووری نووستن و گەرماو و مەخزەنەکەش گەڕام، کەسی لێ نەبوو. هەفتەی پێشوو ڕۆژنامەی بەیانیانەکەم چۆن بە پەرش و بڵاوی جێهێشتبوو هەروا لە شوێنی خۆیدا مابوو. لە ژووری دانیشتنەکە، کارتۆنێکی شیری ٥٠٠ ملیمی بەتاڵ و بەرداخێکی شووشە کە شیرەکەی پێوە وشک بووبووەوە، لەگەڵ تاک گۆرەوییەکی سپی ژنەکەم بە هەڵگەڕاوەیی و جزدانێکی چەرمی سور، بەو ناوەدا پژا بوون.

گرمەی مەکینەی ئەو سەیارانەی بە جادە سەرەکییەکەدا خلۆردەبوونەوە، بێدەنگی شووقە چۆڵ و هۆڵەکەی دەشێواند.

زۆر شەکەت و برسی بووم، یەک کەوچکی پاکیش چییە نەبوو بۆ ئەوەی کەوچکێ لەو برنجە کۆنە بدەم؛ هەرچی قاپ و قاچاغیماڵەکە هەبوو بە پیسی لە حەوزی سنگەکەدا کەڵەکە کرابوو. هەستم بە تەنیایی دەکرد، دوای سەفەرێکی ئاوا دوور و درێژ گەڕاومەتەوە بۆ ماڵێکی چۆڵ و هۆڵ. دەمویست کەسێک هەبێت باسی هەموو ئەو شتە پڕوپووچانەی بۆ بکەم کە لە گەشتە درێژەکەمدا ڕوویان دابوو؛ یان باسی ئەو دیمەنە سروشتییانەی بۆ بکەم کە لە پەنجەرەی شەمەندەفەرێکی بیانییەوە بەلایدا گوزەرم کردووە. تەنیا بووم، چونکە کەس نەبوو ئەو هەلەم بداتێ و بپرسێت: "ئەرێ ماندوو نیت؟" منیش بۆ ئەوەی بڵێن کەسێکی چەند خۆڕاگرە، بڵێم: "نا، باشم." تووڕە بووم. بەڵی، بەهۆی تەنهاییەکەمەوە هەستم بە تووڕەبوونێکی زۆر دەکرد. لەبەر ئەوەی خۆم بە قەرزارباری لەشی بێبەهای خۆم دەزانی و بە هیچ جۆرێک نەمدەتوانی بەر هەقیقەتی تاڵی ئەم جیهانە بێڕەحمە بکەوم. ئەو سەرمایەی لە پڕێکدا خۆی بەنێو جلە تەنکەکانمدا دەکرد و بیرکردنەوە لەو

ڕاستییەی هەموو ئەوەی تا ئێستا لە ژیاندا بەدەستم هێناوە، سەرکەوتووانە قەشمەریکردن بووە بەوەی پێم وابووە کەسێکی بەنرخم، هێندەی تر تەنیای دەکردم. بێکەس و تەنیا، بەبێ ئەوەی کەسێک خۆشیی بوێم، وردە وردە لەناو دەچووم.

لەو سەروبەندەدا، گوێم لە نوزەیەک بوو.

بە ئاڕاستەی دەنگەکەدا ڕۆشتم. ورتەورتێکی کز لە باڵکۆنەکەوە هات، زۆر بەزەحمەت گوێت لێ دەبوو. دەنگی ژنەکەم بوو.

ئەو هەستی بێکەسی و تەنیاییەی کەمێک لەمەوپێش باسم دەکرد، یەکاویەک گۆڕا بۆ ڕزگاربوون. پەست و تووڕە دەرگای باڵکۆنەکەم دا بەیەکدا و گوتم: "لەو کاتەوە من بانگت دەکەم، بۆ وەڵامم نادەیتەوە؟! ماڵ ئاوا بەڕێوە دەبرێت؟ بۆ خاتری خوا بەس پێم بڵێ بە چی ژیاویت؟"

هەرکە لەشی ڕووتی ژنەکەمم بینی، وەستام.

ژنەکەم لە بەرانبەر ئەو محاجەرە ئاسنەی کە بە درێژاییی پەنجەرەی باڵکۆنەکە درێژ بووبووەوە کەوتبووە سەر ئەژنۆ، وەک ئەوەی هەیەجانی شتێک بێت هەردوو قۆڵی بۆ ئاسمان بەرز کردبووەوە. ڕەنگی لەشی بە تەواوی بۆ سەوزێکی تۆخ گۆڕابوو. ڕوخسارە تاریکەکەی پێشووتری ئێستا وەک گەڵای درەختێکی هەمیشە بەهارە دەدرەوشایەوە. قژە وشک و زبرەکەشی وەک قەدی گیایەکی کێوی بریقەی دەهات.

بە بینینی ئەو دیمەنە، کشامە دواوە. چاوە زەردهەڵگەڕاوەکانی لەنێو ئەو ڕوخسارە سەوزەدا، دەدرەوشانەوە. ڕووی تێ کردم و جووڵەیەکی کرد،

وەک ئەوەی بیەوێت هەستێتە سەر پێ. بەڵام وا پێدەچوو نەتوانێت ماسوولەکەی قاچی بجووڵێنیت، چونکە نە دەیتوانی هەستێ و نە دەیشیتوانی بڕوات.

بەدەم ئازارەوە، کەمەرە جیرەکەی بادا. زمانی وەک ڕووەکی ئاوی، لە بەینی لێوە شینە تۆخەکانیدا یاری دەکرد. ئەوە ددانی هەر هیچ نەمابوو.

نوزەیەک  کە زیاتر لە ناڵە دەچوو، لە لێوە هەڵقرچاوە پەڵاوییەکانییەوە هاتە دەرەوە.

"ئاو..."

بەرەو سنگەکە ڕام کرد. بەلۆعەکەم کردەوە و تەشتی جلشتنەکەم  پڕ کرد لە ئاو تا لەبەری ڕژا. لە هەڵپەی ئەوەی خێرا بگەمە باڵکۆنییەکە، ئاوەکە بەملاولای تەشتەکەدا ڕژا و ژووری دانیشتنەکەی تەڕ کرد. ئاوەکەم کرد بە سەرو سنگی ژنەکەمدا؛ تەواوی لەشی وەک گەڵای درەختێکی گەورە بووژایەوە. دیسان گەڕامەوە بۆ ئەوەی تەشتەکە پڕکەمەوە و ئەم جارەیان بیکەم بە سەریدا. هەرکە ئاوەکەم پیاکرد قژی ڕەپ و ڕێک بەرز بووەوە، دەتگوت پێشتر هێزێکی نادیار کەپسی کردووە بە سەرییەوە. تەماشام کرد لەشە سەوزە بریقەدارەکەشی سەرلەنوێ دەگەشایەوە. بۆ ساتێک هەستم بە وڕی دەکرد.

هەرگیز ژنەکەمم ئاوا بە جوانی، نەدیبوو.

دایکە.

لەمەودوا ناتوانم نامەت بۆ بنووســــم. تەنانەت ناتوانم ئەو بلوزە خورییە پرتەقاڵییەی کە زســـتانی ڕابردوو لە ســـەردانەکەتدا بۆ ئێرە لەبیرت چوو، لەبەر بکەم.

لەو ڕۆژەوەی مێردەکەم چووە بۆ سەفەر لەبەرمدایە، تۆ خۆت باش دەزانی من چەند سەرمابردەڵەم.

هێشـــتاش بۆنی زەڵاتەکەی ئەو ئێوارە  و پێســـتی تۆی لێ دێت، چونکە  تا ئێستاش نەمشۆردووە. خۆ دەمتوانی بیشۆم بەڵام جەوەکە زۆر سارد بوو، ئینجا نەمدەمویست ئەو بۆنە لە لووتم ببڕێت، ئەوەبوو دواتر خەوم لێکەوت پێوەی. بەیانی دوای ئەوە، هێشـتا زوقمەکە بەرینەدابوو، کاتێ تیشـکی خۆر لە پەنجەرەی ژووری نووستنەکەوە لەسەرخۆ هاتە ژوورەوە، هەر کە چاوم بە تیشکەکە کەوت، ڕێک دام لە پڕمەی گریان، دایکە. چوومە سەر باڵکۆنەکە و جلەکانم داکەند تا ئەو تیشـــکە گەرمە لە ئامێزم بگرێت. تیشـــکی خۆرەکە هاوشـێوەی بۆنی تۆ بەنێو لەشـی ڕووتمدا دەڕۆشـت؛ دواتر کەوتمە سـەر ئەژنۆ و هاوارم کرد: دایکە، دایکە. جگە لەوە هیچی ترم نەگوت.

نازانم  ئاخۆ چەند ڕۆژ، چەند هەفتە، یان چەند مانگ تێپەڕیوە؟ کەشـــوهەوا هێشتا گەرم نەبووە و پلەی گەرما تەنها چەند پلەیەکی کەم بەرز بووەتەوە.

تۆزێکی تر گڵۆپە زەردەکان لە پەنجەرەی شـــووقەکانی ســـەر ڕووباری چونگنانگەوە دەدرەوشێنەوە.

تۆ بڵێی ئەو خەڵکانەی لەو شـووقانەدا دەژین بمبینن؟ ئەی ئەو سـەیارانەی بە شـــەقامەکەدا جرت و فرتیانە و ڕووناکی گڵۆپە عامووددییەکان دەدا لە سەقفەکانیان چی؟ ئێستا من لە چیی دەچم؟

*

ئەو زۆر میهرەبـانە لەگەڵمـدا، دایکە. ئینجـانەیەکی گەورەی کڕیووە تـا لەنـاویدا، بمچێنێت. هەموو بەیـانییەکی یەکشـــەممـان لە بەردەم دەرگـای باڵکۆنەکدا دادەنیشت و ئەو سنانە[5] دەکوژێت کە خەریکە تێم دەدەن.

ئەو کە هەمیشـــە ماندوو بوو، کەچی ئێســـتا دەزانێت من حەزم لە ئاوی بەلۆعە نییە، هەموو بەیانییەک بەســـەر شـــاخەکەی پشـــتەوەماندا ســـەر دەکەوێت تا ســـەتڵێ ئاوی کانزایی بهێنێت و لاقەکانی منی پێ ئاو بدات. ماوەیەک لەمەوبەر، خۆڵی ئینجانەکەمی دەردا و باوەشـێک پەینی تازەشـی بۆ تێکردم. هەر شـــەوێک بڕێک باران بباریێ و هەوای پیســـی شـــار پاک بکاتەوە، ئەمیش دەرگا و پەنجەرەکانی پێشـــەوە دەکاتەوە تا هەوای پاک ئاڵوگۆڕ بکات.

*

ئەزانی چی زۆر سەیرە، دایکە، هەرچەندە ئیستابینین، ببیستن، تام و بۆنیشم لەدەســـت داوە، کەچی هەموو شـتێک لە جاران نوێتر و پڕژیانترە. ئێســـتا هەسـت بە لێکخشـانی زبری تایەی سـەیارەکان دەکەم کاتێک بەسـەر جادە قیرەکەدا ڕەت دەبن؛ ئەو کاتانەی مێردەکەم دەرگای پێشـــەوە دەکاتەوە و

[5]جانەوەرێکی زۆر بچووکە و دەداتە ڕووەک. Aphids

بەلامدا ڕەت دەبێت، هەسـت بە زایەڵەی شـوێنپێکانی دەکەم. هەسـت بە دووگیانبوونی هەوای شێدار بە دڵۆپی باران و تیشکی خۆڵەمێشی کازیوەی بەرەبەیان دەکەم.

دوور بێت یان نزیک، هەسـت بە چەکەرەی گوڵ و کرانەوەی پەڕەکانیان لە هەموو شـوێنێک دەکەم. ئەو کرمانەی لە قۆزاخەکانیان دێنەدەرەوە، زاوزێی سـەگ و پشـیلەکـان، لێدانی دڵی ئەو پیرەمێردەی لە بـاڵەخـانەکەی تەنیشـمـانـدایە، سـپێنـاخی نێو ئەو مەنجەڵەی لە مەتبەخی مـاڵەکەی سـەرووترمـانـدا نیوەکوڵ بووە، ئەو چەپکە گوڵە بەیبوونەی خراوەتە گۆزەیەکەوە و لەتەنیشـت ئامێری گرامافۆنەکەی شـووقەکەی خوارترمانەوە دانراوە، هەست بە هەموو ئەو شتانە دەکەم. شەو بێ یان ڕۆژ، ئەستێرەکان وێنەی هیلالیمان بۆ دەکێشـن. لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا، هاوشـێوەی لاشـەی من، دارچنارەکانی قەراغ جادە بە ئاڕاسـتەی ڕۆژهەڵاتدا قەدی دڵخوازی خۆیان شۆڕ دەکەنەوە.

لێم تێدەگەیت، دایکە؟ دەزانم، بەم زووانە بیرەوەرییەکانیشم لەدەست دەدەم، بەڵام هەست بە باشی دەکەم. زۆر لەمێژە خەونم بەم جۆرە ژیانەوە دەبینی، خەونم بەوە دەبینی کە جگە لە ئاو و هەوا و تیشـکی خۆر، لەسـەر هیچ شتێکی تر نەژیم.

*

بیرتە ئەو کاتانەی کە منداڵ بووم و بەرەو مەتبەخەکە ڕام دەکرد، سـەرم دەخستە سەر کۆشت و تێر بۆنم دەکردی. ئای لەو بۆنە خۆشە، بۆنی ناوکە

کونجی برژاو و ڕۆنی کونجی. هەمیشـــــە دامێنی تەنوورەکەتم بەدەســـــتە قوڕاوییەکانم پیس دەکرد، چونکە دایمە دەستم لە قوڕدا بوو.

ئەی ئەو ڕۆژە تەماوییە بەهارەت بیرە کە باران نم نم دەباری و باوکم بە باوەش خستمییە سەر تراکتۆرەکە، پاشان بەرەو کەناری دەریاکەی بردین. ئەرێ بەڕاست تەمەنم چەند ساڵ دەبوو؟ هێشتاش، قاقای بێباکی گەورەکان لە جلی دژە -باراندا و هەڵبەز و دابەزی ئەو منداڵانەی قژە تەڕەکەیان بە ناوچاوانیانەوە نووســابوو و پێکەوە باوەخولێیان دەکرد و دواتر ســەریان گێژی دەخوارد، هەموویم لە یادە.

دایکە، ئەو گوندە هەژارەی سەر دەریاکە هەموو ژیانی تۆ بوو. لەوێ لەدایک بووبوویت و گەورە بوویت. هەر لەوێ منداڵت خســتەوە و کارت کرد. هەر لەویش پیر بوویت.

ڕۆژێک دێت هەر لەوێ و لە گۆڕستانی خێزانەکەماندا بە تەنیشت باوکمەوە دەتنێژن.

دەزانی دایکە، لە ترســـی ئەوەی ژیانی منیش وەکوو هی تۆی لێ نەیەت، ماڵەوەم بەجێهێشت. جێهێشتنی ماڵەوە لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا و پیاسە بە ناوچە گوندنشـــینەکانی بووســـان، دایگو و گانگنیونگ بۆ ماوەی زیاد لە مانگێک بەبێ ئامانج، هەموویانم بەباشی لەبیرە. ئەو ڕێستۆرانتە ژاپۆنییانەی بە درۆوە تەمەنی خۆم پێدەوتن و چوون بۆ بازاڕ بەتەنها ، خۆگرمۆڵەکردنی ئێواران و پاڵکەوتن لە ژووری خوێندنەوەکەدا- بەڕاســتی حەزم لەو ژوورە بوو- لەگەڵ گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگی شـارۆچکەکان و باق و بریقی خەڵکەکەی، هەموویم لە یادە، دایکە.

نازانم  یەکەمجار کەی بوو لەو ڕاستییە تێگەشتم، کە منیش لەنێو ئاپۆڕای غەریبی ئەم شەقامە قەرەباڵغانەدا، پیر دەبم. نە لە ماڵەوە دڵخۆش بووم و نە لە هیچ شوێنێکی تریش، کەواتە تۆ پێم بڵێ دایکە، دەبوو ڕوو لە کوێ بکەم؟

هەرگیز نەمتوانی دڵخۆش بم. تۆ بڵێی ئەم ڕۆحی عەزابە بۆ هەتاهەتایە گەروو و پەل و پۆم بگرێت؟ هەموو ئەوەی من دەمویست ئەوە بوو هەڵبێم. پاڵنەرەکانم زۆر سادە بوون، ڕێک وەک ئەو گریانەی مرۆڤ لەتاو ئازار دەیرژێت یان ئەو نوقورچانەی هاوارت لێ هەڵدەستێنێت. بیرمە ڕۆژێکیان لە کوشنی دواوەی پاسەکە دانیشتبووم و ئەژنۆم بۆ لای سنگم بەرز کردبووەوە، ئەوەندە پاک و بێتاوان دەردەکەوتم دەتگوت مێروولەیەک چییە ئازاری نادەم، بەڵام تەواوی کاتەکە دەمویست بە کولەمست جامەکە وردوخاش بکەم. تونی ئەو خوێنە بووم کە لەگەڵ شکانی جامەکەدا بە لەپی دەستما دەهاتە خوارەوە، خۆ ئەگەر بمتوانییایە، پشیلە چۆن شیر دەلێسێتەوە، ئاوا دەملێسایەوە. ئەو شتە چی بوو هەوڵم دەدا لە دەستی ڕابکەم، چ شتێک هێندە ئازاری دەدام تا ئامادەبم بۆ ئەوسەری دونیا ڕابکەم؟ ئەی چی گەڕاندمییەوە و لە پەلوپۆی خستم؟ ئەو کۆت و بەندانە چی بوون ڕێگەیان نەدا ئەم خوێنە قێزەونە لە لەشمدا فڕێ بدەمە دەرەوە؟

*

دکتۆرە بەتەمەنەکە زوو زوو پەنجەی دەکێشا بە بیستەرە پزیشکییەکەدا و لەژێر لێوە دەیگوت هەناوت دەڵێی  گۆڕستانی بێدەنگە. تەنها گوێم لە دەنگی زایەڵەی باوبۆرانێکی دوورە. بیستەرە پزیشکییەکەی دانایە سەر مێزەکە و

شـاشـەی سـۆنەرەکەی سـووڕاند. پاڵکەوتم و جێڵێکی ساردی دا لە سـکم و پاشان بە پارچە ئاسنێکی سارد هەر لە دەرچەی گەدەمەوە بۆ بەر میزەڵدانم سکمی پشکنی. پێدەچوو لە ڕێگەی ئەو پارچە ئاسنەوە، وێنەی ڕەش و سپی هەناوم بۆ سەر شاشەکە بگوازێتەوە.

زمانی بۆ تەقاند و لەژێر لێوەوە گوتی: "هەموو شـتێک ئاسـاییە" پاشـان دەنگی هەڵبڕی و گوتی: "وا سەیری سکت دەکەم ... هیچ کێشەیەک نابینم."

هەموو شتێک " ئاسایی" دەردەکەوێ.

"گەدە، جگەر، مندالڵدان، گورچیلە، هەمووی بێکەموکوڕییە."

ێۆچی نەیدەتوانی لەوە تێبگات کە هەموو ئەو ئەندامانەی ئەو باسی دەکات بەم زووانە دەپووکێنەوە و دەمرن؟ بە چەند پارچە کلێنسێک جێڵەکەی سەر سـکمم سـڕی و کاتێک ویسـتم هەسـتمەوە، دووبارە پێی گوتم پاڵکەومەوە. بە هەموو هێزی دەسـتی خسـتە سـەر چەند شـوێنێکی سـکم، بەڵام ئازاری نەدەهـات. لەپڕا بە تووڕەییەوە گوتی "ئـازاری نییە؟" منیش سـەیرێکی چاویلەکەکەیم کرد و سەرم سووڕاند.

"ئەی ئێرە چی؟"

"ئەی ئێرە؟"

"نا ئازاری نییە"

دەرزییەکانی لێدام، بەڵام لە ڕێگەدا بۆ ماڵەوە دووبارە ڕشـامەوە. لە وێسـتەگەی شـەمەندەفەری ژێرزەوییەکەدا چیچکانم کرد و پاڵم دا بە

دیوارەکەوە. بۆ ئەوەی ئـازارەکەم بیرچێتەوە دەســـتم کرد بە ژمـاردن. دکتۆرەکە پێی گوتم کە پشـوو بدەم، ئارام بم و مێشـکم ماندوو نەکەم. مینا ڕاهێبێکی بوودایی گوتی، هەموو شـــتێک پەیوەندی بە بیرکردنەوەوە هەیە. بیر لە شـــتی ئارام بکەرەوە، هێمن بە. یەک، دوو، ســـێ، چوار، ئارامییەکی هەمیشـەیی. ژمارەم دەژمارد تا نەڕشـێمەوە... لەتاو ئازار دەسـتم کرد بە گریان، لەگەڵ هێڵنجی یەک لەسەر یەک و هەڵهێنانەوەی ترشی گەدەم، لەرز گرتمی. ئەوە بوو هیچ لە گەدەمدا نەما و کەوتمە ســـەر زەوییەکە. چاوەڕێ بووم زەوییەکە لە لەرینەوە بکەوێت. بەنەفرەت بیت، بۆ ناوەستی.

چەنێکە دەبێت من ئەوهام؟

*

دایکە، بەردەوام هەمان خەون دەبینم. لە خەونمدا وەک سـوورەچنارێک باڵا دەکەم. سـەقفی باڵکۆنەکەی خۆمان کون دەکەم و پاشـان سـەقفی نهۆمی دواتریش دەەبڕم، پاشان نهۆمی پازدەهەم، شازدەهەم، دانە دانە کۆنکرێت و شیشی سەقفەکان دەبڕم تا دەگەمە کۆتا سەقف. لەسەر بەرزترین چڵەکانم گوڵە کرمۆکەی سپی خونچە دەکەن. بۆری هەواکەم ئاوی پاک نەبێت هەڵی نامژێت، لە خاوێنیدا خەریکە دەتەقێت. سنگم دەکەمە ئاسمان و ڕادەکشێم تا چڵەکانم درێژتر بن. بەو جۆرە لەم شـووقەیە نەفرەتییە هەڵدێم. بەڵێ دایکە، هەموو شەوێک هەمان خەون دەبینمەوە، هەموو شەوێک.

*

ڕۆژەکان ســـاردتر دەبن. ئەمڕۆش وەک هەموو ڕۆژێکی تر، ئەم زەوییە دەبێتە گەواهیدەری وەرینی زۆر گەڵای تر، زۆر ماری تر کاژ فڕێ دەدەن،

زۆر مێشوولەی تر گیانیان لەدەست دەدەن و زۆر بۆقی تریش بەر لە کاتی خۆیان دەچنە سوورِی سرِبوونەوە.

بەردەوام بیر لە بلوزەکەت دەکەمەوە، دایکە. چیتر یادەوەریی بۆنەکەت بۆم ئاشـــنا نییە. دەمەوێت داوا لە هاوســـەرەکەم بکەم تا بلوزەکەت بدا بە شـــانەکانمدا، بەڵام چی بکەم توانای قســەکردنم لەدەســت داوە؟ ئەویش کە دەمبینێت وا لەناو دەچم، دەگری و توورِە دەبێت. خۆت دەزانی، من تاکە خێزانێک بووم کە ئەو شــکی دەبرد. دەتوانم هەســت بە تێکەڵبوونی دڵۆپی گەرمی فرمێســـکەکانی لەگەڵ ئەو ئاوە کانزاییەدا بکەم کە منی پێ ئاو دەدات. مســتە نووقاوەکانی دەبینم کە نازانێت بە کێ و بە چیدا بکێشــێت. دەتوانم هەست بە نارِێکی گەردیلەکانی هەوا بکەم، دایکە.

*

من دەترسم، دایکە. وا لقەکانم دەکەونە خوارەوە. چواردەوری ئینجانەکەشم وەک بەرد رِەق بووە و درزی بردووە. سەری رِەگەکانم ئازاریان هەیە. بەر لەوەی زستان بێت دەمرم، دایکە.

گومانم هەیە جارێکی تر و لە جیهانێکی لەم جۆرەدا، خونچە بگرەوە.

ئەو شــەوە دوای گەڕانەوەم لە ســەفەر و پاش ئەوەی بە ســێ ســەتڵی پڕ ژنەکەمم ئــاودا، کەمێــک زەرداوی گەدەی هەڵهێنــایەوە. خێرا لێوە هەڵقرچاوەکانی داخســتەوە، گۆشــتی لێوی چووەوە بەناویەکدا. بە لەرزەوە پەنجەم خســتە ســەر لێوە پەڕیوە قرچاوەکانی؛ گوێم لە نووزەیەکی هێواش بوو، ئەوەندە نزم بوو کە نەمتوانی تێبگەم چی دەڵێت. ئەوە کۆتاجار بوو گوێم لە دەنگی ژنەکەم بوو؛ دوای ئەوە جگە لە چەندناڵەیەکی کەم گوێم لە هیچی تر نەبوو.

ڕەگی چەند ڕیشــاڵێکی ســپی ئەســتوور لە بەینی ڕانەکانییەوە هاتبوونە دەرەوە. لەسەر سنگی گوڵی قەترانی سوور خونچەیان کردبوو. دوو تۆوی نێرەک کە بەشی سەرەوەیان سپی و لە ڕەگیشەوە زەرد و ئەستوور بوون، لە گۆی مەمکییەوە هاتبوونە دەرەوە. ئەو کاتە هێشــتا ئەگەرچی کەمێکیش بێت، دەیتوانی دەســتە درێژەکانی بجووڵێنێت، هەوڵی دا دەســت بکاتە ملم. تەماشــایەکی چاویم کرد، هێشــتا تروســکاییەکەی کەمیان تێدا مابوو، بۆ پێشەوە چەمامەوە و خۆم فڕێدایە باوەشی ئەو دەستانەی وەک پەڕی گوڵە کەمالیا[6] بوون و لێم پرسی "تۆ باشیت؟" بە چاوەکانی -کە لەســەر ڕووی ســاف و ڕەنگکراوی درەختەکە لە جووتێ ترێی پێگەییو دەچوون- زەردەخەنەیەکی شاراوەی کرد.

[6]کەمیلیا: درەختێکی هەمیشە سەوزە و گەڵایەکی بریقەداری هەیە، گوڵەکانی سوور و سپین.

لە ناوەڕاستی پاییزدا، هێواش هێواش لەشی ژنەکەم ڕەنگی پرتەقاڵییەکی ڕوونی لێ نیشت. ئەو کاتانەی دەرگای پەنجەرەکانم دەکردەوە دەستە درێژەکانی بە هێواشی لەگەڵ شنەی باکەدا دەجووڵاند.

بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی پاییزدا، وردە وردە گەڵاکانی هەڵوەرین. ڕەنگی لەشیشی لە پرتەقاڵییەوە بۆ قاوەیییەکەی تۆخ گۆرا.

بیرم لە کۆتاجار دەکردەوە کە لەگەڵ ژنەکەمدا خەوتم.

لەبری بۆنی ترشاوی لەشی، بۆنێکی شیرین وغەریب لە ناوگەڵی ژنەکەمەوە دەهات. گوتم یان براندی سابوونەکەی گۆڕیوە، یان دەستی بەتاڵ بووە و چەند دڵۆپێک عەتری داوە لە ناوگەڵی. بەڵام تۆ بڵێی چەنێک لەمەوبەر ئەمەی کردبێت؟

ئێستا ئیتر شێوەی ژنەکەم لە مرۆڤێکی ئاسایی نەدەچوو؛ ناتوانێت ببینێت و تەنانەت ناتوانێت سەرچڵەکانیشی بجووڵێنێت. بیلبیلەکانی چاوی کە شێوەیان بۆ دەنکە ترێی قەترانی ڕەش گۆڕابوو، وردە وردە لەنێو قەدە قاوەیییەکەیدا ون دەبوون. کاتێک دەچمە سەر باڵکۆنەکە، هەستێکی تەماویی کە هیچ زمانێک دەرەقەتی نایەت، دامدەگرێت؛ بۆ خولەکەێک هەست دەکەم هاوشێوەی تەزووی کارەبا، پرتەیەک لە لەشی ئەوەوە بۆهی من دێت. بەڵام لەگەڵ هەڵوەرینی ئەو گەڵایانەی ڕۆژانێک دەست و قژی ژنەکەم بوون و کرانەوەی ئەو لێوانەی بەیەکەوە چەسپی بوون و پاشان کەوتنە خوارەوەی مشتێک میوە لێوەی، ئیتر مینا بچڕانی تاڵێکی باریک ئەو هەستە بوونی نەما.

میوە بچووکەکانی ژنەکەم هاوشێوەی شەقبوونی دەمی هەنارێک لە دەمییەوە دەردەپەڕین؛ هەموویم لە مشتمدا کۆ کردەوە و لە بەردەم ئەو

قەراغەدا دانیشتم کە باڵکۆنەکەی بە ژووری دانیشتنەکەوە دەبەستەوە. ئەوە یەکەم جار بوو میوەی لەو جۆرە ببینم، ڕەنگیان سەوزێکی زەردباو بوو. هاوشێوەی ئەو ناوکە گلۆبەڕۆژانەی کە بەتەنیشت گەنمەشامییەوە بۆ مەزەی بیرە دادەنرێت، ڕەق بوون.

دەستم برد و یەکێکیانم خستە دەممەوە، توێکڵێکی نەرم و بێتام و بۆنی هەبوو. دواتر، دەستم کرد بە کرماندنی میوەی ئەو تاکە ژنەی لەم دنیایەدا شکم دەبرد. یەکەم جار تامی ترش بوو، تاڕادەیەک وەکوو تامی سووتاوی وابوو، دوای تۆزێک مانەوە لە بنی زمانمدا، تامەکەی تاڵ بوو.

ڕۆژی دواتر، یەک دەرزەن ئینجانەی خڕی بچووک بچووکم کڕی، پاشان پڕم کردن لە پەین و ناوکیی میوەکانیم تێدا چاندن. ئینجا هەموویانم بە ڕیز لە تەنیشت ئینجانەی ژنە وشکبووەکەم دانا و پەنجەرەکانم کردەوە. خۆمدا بەسەر محاجەرەکەدا و جگەرەیەکم داگیرساند. چێژم لە بۆنی ئەو گیا تازانە دەبینی کە لە کوزی ژنەکەمەوە سەریان دەردەهێنا. کزەبای پاییز خۆی لە دووکەڵی جگەرەکەم و قژە درێژەکەم ئاڵاند.

تۆ بڵێی ئەم بەهارە، ژنەکەم دووبارە چەکەرە بکات؟ تۆ بڵێی گوڵە سوورەکانی خونچە بگرنەوە؟ بەڕاستی نەمدەزانی.

سەرچاوە:

Source: The Fruit of my Woman by Han Kang / https://granta.com/the-fruit-of-my-woman